# پەیڤێك بۆ مەرگی هونەرمەند مەرزیە فەریقی

# مەرزیە گیان کچە مەسیحیەکەش بۆت گریا

## دلێزار حەسەن

ئەو دەمەی کە دەبوا لەبەردەم دەنگە بە سۆزەکەی تۆوە ئەگەر بۆ "5" خولەکیش بێت گوێت بۆ بگرم. هەر ئەو کاتە زەنگی مۆبایلەکەم لێیداو ئیدی خەیاڵی بچراندم، منیش کە نەدەبوا دابڕێم لە گۆرانیەکەت وەڵامی تەلەفۆنەکەم نەدایەوە، دووبارە و سێ بارە زەنگی مۆبایلەکەم لێیدایەوە و ئیدی لەگەڵ تەواو بوونی گۆرانیەکەت ، بە داوای لێبوردنەوە سلاٚوم لە هاورێکەم کرد بەس ئەو لەجیاتی وەلاٚم بداتەوە هەستم دەکرد دەگریا چەند جارێك وت بۆ دەگریێ کچێ چ روویداوە ئەمیش بە چاوی پڕ فرمێسك و قورگی پڕ گریانەوە وتی ئەوەی تۆی بەمن ناساند مرد!!! ئەم دێرەی بە گریانەوە چەند بارەکردەوەو وتی مەرزیە مرد!!! مەرزییە. هەر ئەوەندەی وت و دایخست منیش کە چەند چرکەیەك دەبوو وێنەی تۆم لەبەرچاوان ونببوو ئیدی لە جێگای خۆم تاسام و دانیشتم و وتم بەراستی گەورەی، هونەرمەند دەبێ وەکو تۆ بێت هەموو کەسێك دەبێ بۆت بگریێت کە توانیوتە کورێکی وەك من و کچێکی مەسیحی لە سایەی دەنگی رەسەن و هونەرەکەت و دەنگە خۆشەکەتەوە یەکتربناسن.